# محەمەد ساڵح دیلان

## لە بیستەمین  سالیادیداو بیرەوەرییەک

### کامیل ژیر

وەرە ئاواز

وەرن ئامێرەکانی ساز

وەرە سۆزی بزرکاوی دەنگی هۆزار

وەرە ناڵەی توورە بوونی کەوی کۆسار

لەگەڵ هاژەی ئاڵۆزاوی تاڤگەکانا

لەگەڵ خورەی ئاوی لێڵی جۆگەکانا

وەرن هەموو یەکگرین و بەکولڕ بگرین

مەرگەساتی شیوەنێکی وەها پچرین

کە زایەڵەی بگاتە لای هەوری ئاسمان

بیگرێنێ و دایبکاتە شەستە باران

تەپ و تۆزی ئەم پایزە ترسناکە بشواتەوە

پاداشتێکی وەرد و باخی وشکی هونەر بداتەوە

دەی هەورەکە بیکە بە تۆف، بەرەهێڵە، یا بەزریان

بۆ کپ بوونی شاگەروویەك کەسەردەمێ ئەیچریکان

نەك بەتەنیا دەماری لەش، یاخود هەناو

رەگی بەردی شاخەکانی ئەکرد بەئاو

ئەی هەورەکە، مەگرمێنە، دایکە باران

بالآتربوو لەگرمەی تۆ، دەنگی دیلان

ئەی کۆمەڵی باڵدارانی ئاوازە بێژ

زامێ دای لەجەستەی هونەر، نابێ سارێژ

بچریکێنن، چریکەتان، مەگەر بۆشین، یا بۆگریان

شوورەییە چریکەی دەنگ، دوای چریکەی بەرزی دیلان

ئەی تەلی ساز، مەرگی دیلان، بۆشاییە، کەلەبەرە
مەرگی دیلان کوستی منە، کۆستی تۆیە، هی هونەرە
***
وەرە هەڵبەست
وەرن بزوێنەکانی هەست
وەرە سۆزی هەستی ناسك
وەرە ئەندێشەی بەباسك
تێکەڵ ڕستەی شین و زاری
لەگەڵ وێژەی وردەکاری..
ڕەوانبێژی؛ لێکچواندن، ڕەگەز دۆزی، درکە و خوازە
هەرچی واتای جوانکارییە، چی بۆ هەڵبەست نۆتەی سازە
وەرن بگرین بۆ ئەو دەستەی ئەیهێنانە کۆڕ و ئارا
بۆ نیگارو بۆ ڕووبەندی ڕیزی وشە لەجێی تارا
وەرە پێنووس، بۆ واقت وڕ، بۆ وەستاوی دەستەوەستان
بۆ خۆناکەی بەکۆتەرە، بەخۆڵەمێش، لەدوای دیلان!؟
وەرە بگری، کە گریانیش پرۆستۆی ڕەوای تۆیە
وەرە بگری کەوا ستەم لەگریانیش سڵ و کۆیە
***
**ئەی وێژەوان؛ مەرگی دیلان بۆشاییە، تەمی پەستە**
**مەرگی دیلان کۆستی منە، کۆستی تۆیە، هی هەڵبەستە**
***
باکێشەی زۆر، چەرمەسەری
ئاوارەبوون دەربەدەری
هەرچی تریش کەبۆ دیلان باری نوێ یە، یا دێرینە
وەکو زامی دڵ و ئازار، بابێن بۆ ئەم کۆڕی شینە
ئەی تاریکی ڕۆژی ڕوونی چوار دیواری بەندیخانە
ئەمجارەیان دیلانی دیل توند کراوی گۆڕستانە!
ئەی پێوەند و کۆت و زنجیر، ئیتر چنگی ژەهراویتان
ناگاتە سەر هەستی ناسك، سۆزی خاوێن، گیانی دیلان
ئەی کوردستان، دیلان شێتی سروشتت بوو ..

ئەی نەتەوە، دیلان پیرۆز پڕشنت بوو ..
بەیادی کەن، دیلان لەڕێی نیشتمانا، ڕێگە و پرد بوو
بەیادی کەن، دیلان مرۆڤی تێکۆشەر، دیلان کورد بوو ..
***

**ئەی نیشتمان، مەرگی دیلان، بۆشاییە، کارەساتە**
**مەرگی دیلان کۆستی منە، کۆستی تۆیە، هی خەباتە**
***

**بەڕێزەکان، ئەو بەهرەیەی هی ئێوە بوو، والەسەیوان**
**وەرن ببین بەکۆتەڵی چلەی ماتەم، چلەی دیلان**
**وەرن بڵێین دیلانی کورد، دەستی مردن نایمرێنێ**
**سازو ئاواز، وێژە و هەڵبەست، ویژدانی گەل ئەیژیێنێ**

بەریزەکان، مەرگی دیلان، مەرگی لەشە، نەوەك هی گیان
لەهەرجێیەك، پێویستیبێ، ئامادەیە گیانی دیلان
ئێستە بەدوا، دیلان لەناو دلاَ ئەژی، لەچاوانا
لەتریفەی مانگەشەوا، لەشەبەقی بەربەیانا
لەپێدەشت و لەسەر چیا و لەئاسۆدا، دیلان دیارە
لەئاهەنگ و زەماوەندی سەرکەوتنا، سەرقەتارە
لە نێرگزا، بەتاسەوە، بۆنی دیلان هەڵئەمژین
لەنەورۆزا، هەر ناپاك و ئەژدەهاکە، کەئەیکوژن
بەڕێزەکان، کەباخ و ڕەز بسووتێنرێ، دەنگی دیلان
ئەچێتە پاڵ دەنگی خیام، ئەبن بەتەم، هەورو باران
ئەبنە بەفر، شەختە و سەهۆڵ، تۆف و زریان، ئەبنە تەرزە
ئەبن بەبا، بەبروسکە، بەلافاوی ڕووی ئەم ئەرزە
کەرەز نەما، لەتاو کوپەی بەتاڵی مەی، دوو هەستیار
نەخێر هەزار، بۆ گازەرەی پشتی تاوان، ئەبن بەدار
لەمەیخانەی بەبێ مەیدا، نەفرەت ئەکەن لەکاری بەد
ئەبن بەقین، سەری ئاڵۆز، دەسی یاخی، بەکفرەحمەد
بەڕێزەکان: ئەگەر هات و بەپێنج شەممان
ڕێتان کەوتە دوا مەڵبەند و گۆڕی دیلان

لەوێ نەبوو .. بۆ هەڵبەستی سۆفی خوازی لەبارەگای

مەحویدایە

لەهەینی دا، بۆ ئاوازی شمشاڵ و نەی لەلای دەروێش

عەبدولأیە ..

لەتاوە گۆز، لای مەولەوی، لەشەممانا، ئەلأوەیسی

ئەچریکێنێ .

بە یەك شەممان، لەلای نالی، یا لای سالم، بژاری خار، گوڵئەچێنێ ..

لەلای بێخود، لەلای نوری، لای کەمالی، بەدووشەممان

گوێ هەڵخستووی وشەی تەڕە

بەسێ شەممان، لەلای گۆران، لای جگەر خوێن، لای قەدری جان

لەشکاری پەپووی شەڕە

بەرێزەکان؛ بەچوارشەممان

ئەگەر چوونە گردی سەیوان

گیانی دیلان لەوێ نەبوو .. لەو مەڵبەندە تەنگ و تارە

لەلای گۆڕی مامە کورنو، یا والەسەرگردی یارە

لەگەڵ گیانی شێخ مەحمود و پیرەمێردی پیری ڕێگە پیشاندەرا

لەگەڵ هەموو هونەرمەند و هەستیارێك و مرۆڤێکی تێکۆشەرا

وەکو خانی، کۆیی، سەلام، هەوری، بێ کەس، حەمدی، موختار

زێوەر، جزیر، قانیع، ئەسیر، کامەران و ڕەمزی و دڵدار

دەسگیراوی سروودێکی بالأترن بۆ ڕزگاری

لەنەورۆزی ئایندەدا، پێشکەشی کەن وەکو دیاری

***

بەرێزەکان، وای ئەبینم خودی دیلان، جارێکی تر

بژیێتەوە

لەبێستانی داهاتوودا، گەشاوەتر

بروێتەوە

لەگەڵ گیانی ئازیزانا، بێنەوە کۆڕ، بێنەوە سەرشانۆی ژیان

سەی ئەزغەر وەك سەرقافڵەیەك، زیرەك ویڵی کۆڵوانەسوور، تایەر حەیران

مەردان بەئای ئای و سەبا، شەماڵ بۆ لەیل هەرێ لەیلێ، سێوە سەحەر

ئەحەی ناسر بەخاوکەرو، نیگای کابان لەشەقامی چۆڵ و سێبەر

كاوێس ئاغا شەڕی دەربەند بچریكێنێ، بیكا بەگۆڵدەست و دیاری

عارف لەلای جزیرەوە، مژدە بدات: بەفر باری، بەفر باری

قادر لەناو پەڕەی گوڵی سەربەستیا چریكەی بێ، ڕەشۆڵ قەتار

قادری تر لەسەر قەڵای هەولێرەوە، مەلا كەریم لەسەرچنار

دەروێش ئەولا بەشمشێر و كەشكۆڵەوە، دەف بژەنێ، چالاك ئەكتەر

دووپەپوولەی وەكو كارزان، وەكو فرمان، بەرەو ئاسۆی ڕوونی هونەر

لەجەژنێكی سەركەوتنا كۆڕا بگرن، هەموو بیكەن

بەگوڵمەزێ..

لێوی خەمی ساڵە هامان، زەردەخەنەی ڕزگاربوونی

تێدا بزێ..

***

**بەڕێزەکان: کۆچی دیلان، جگەر برو مەرگەساتە**

**کۆستی وێژە، کۆستی هەڵبەست، کۆستی هونەر، هی خەباتە**

**ئەی کاوەی کورد؛ توو کوردستان، بەشداری بە لەم گۆڕەدا**

**ئەی نیشتمان؛ تۆ پیرۆزییت، خەمخواری بە لەو گۆڕەدا**

---

## شیاوی وتنە وەك بیرەوەرییەك:

١- ئەم هۆنراوەیە لە چلەكەی دیلاندا ١٩٩٠/١٢/١٣ لەهولی روشنبیریی جەماوەری سلیمانی خوێندرایەوە .

٢- لەكاتی خویندنەوەكەدا ، كە جەماوەرێكی زورو بریكاری وەزیری روشنبیریی عیراق و بەرپرسانی ئەوروژەی رژێم لە سلیمانی ئامادەی بوون ، بوو بە چەپلە لیدان بۆ هەندێ بەیتی هۆنراوەكە بەتایبەتی بۆ {دیلان لەرێی نیشتمانا رێگەو پردبوو ــ دیلان مروڤی تیگوشەر دیلان كوردبوو.. لەنێرگزا بەتا سەوە بۆنی دیلان هەڵئەمژین ــ لەنەوروزا هەر ناپاك و ئەژدەهاكە كەئەیكوژین .. ئەوەبو لەنەروزی دوای ئەو بۆنەیەدا راپەرین بەرپابو و ناپاك و ئەژدەهاكەكان كوژران .

٣- بەریوەبەری كۆڕی چلەكە ماموستا مستەفا سالح كەریم چەندجاریك وتی تكایە لە چلەی ماتەمدا چەپلە نیە ، بەلام جەماوەرەكە چەپلەی زیاتری لیئەدا .

٤- بۆئیوارەكەی لە هۆلی یانەی پیشەسازی ، بەوبۆنەیەوە ، خوانێك رێكخرا ، كاك خەسرەو جاف دوای ئەوەی مەستبو، هەستاو بەدەنگی بەرز لەبەر چاوی ئەو بەرپرسانە وتی من لە كامیل ژیرەوە فێری كوردایەتی بووم و بووم بە كاژیك ! بەلام ئەوانیش لەو مەستربوون و قسەكە سەرنجی رانەكیشان ! .